# کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان

## پوختەی لێکۆڵینەوەی سەبارەت بەکۆمپانیاکانی هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆك

شەماڵ نوری
ئابووریناس و رۆژنامەنووس

**پێشەکی:**

ئــەم لێکۆڵینەوەیــە بــۆ ناســاندنی کۆمپانیاکــانی نێوخۆی هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆکە، کە لە دوای ســاڵی ١٩٩١ وەکــو قۆنــاغێکی مێــژوویی لەگــەڵ ئــازادبوونی زۆربــەی ناوچــەکانی هــەر ســێ پارێزگــای کوردســـتان (هـــەولێر، ســـلێمانی، دهـــۆك) لـــەڕووی چەندایەتییەوە روویان لە زیادبوون کرد، واتە فراوانبوون و گەورەبوونێکی ئاسۆیی بوو نەك ستوونی، کە لەڕووی تەکنەلۆجیاو داهات و مەعریفییەوە گەورەبێ، زۆر لـە ژمارە و ئامارەکان بەشێوەی خەملێنـدراوە جگـە لـەو زانیاری و ئامارانەی کە وەك سەرچاوە ئاماژەیـان پـێ دەکـەم.. لـە سـاڵی ١٩٩١ - ٢٠٠٣ کۆمپانیاکـانی کوردستان بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕبوون، کە دەکرێ بـە قۆناغە سیاسییەکان دابنرێت و شـوێنەوارو کاریگـەری لەسەر دۆخە ئابوورییەکانیش هـەبووە، بۆیـە دەکرێـت ئەمیش بەچەند قۆناغێـك دابنرێـت و لـەکاتی خۆیـدا ئامــاژەی پــێ دەکــەم، بێگومــان لــە باســێکی وادا ناتوانرێت سەرجەم بـوارو کەرتـە پەیوەنـدارەکانی ئـەم بوارە قسەو باس و گفتوگۆیـان لەسـەر بکرێـت، بـەڵام دەکرێ ئـەم بابەتـە وەکـو سەرچـاوەیەك دابنرێـت بـۆ خوێندنەوەی چڕی ئەکادیمی و زانستی تـر، تـاوەکو لـە تواناادا هـەبێت لـە واقیعـی ئـابووری ئـەو قۆناغانـەو کاریگەرییان لەسەر کۆمپانیاکان ئامـاژەی پێبکرێـت، واقیعێك کە سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە نـە ئـابووری کوردستان بەبارودۆخە سروشتی و ئاسـاییەکەی خۆیـدا تێپەڕیووە نە سـەرمایەداری کـوردو کۆمپانیاکانیـشی هەڵگری خەسڵەت و پرەنـسیپەکانی کـەرتی تایبـەتین، هەر بۆیە لە دوا قۆناغیاندا هەڵگری مەعریفەو داهێنان و خاوەنی پرۆژەی ستراتیژی دوور مـەودا نـین و توانـای کێبڕکێشیان نییە، لەگەڵ هاتنی کۆمپانیا سەرمایەدارە گەورەکان جیهان دووچاری شکست یاخود بـێ توانـایی لە کێبڕکێدا دەبن.

**قۆناغە ئابوورییەکان و واقیعی ئابووری**

کاتێك باس لە قۆناغە ئابوورییەکان دەکەین، خودی ئەم باسە گفتوگۆیەکی زۆر هەڵدەگرێت. چونکە زۆربەی جار لەناو زەمەنەکانی قۆناغێکیشدا چەند حاڵەت و دۆخێکی تری ناسروشتی دروست بووە، بۆیە زۆرجار لە قۆناغی گەمارۆی ئابووریدا خەسڵەت و سیماکانی قۆناغی کشتوکاڵ یاخود داخراو لێرەو لەوێ دروست بۆتەوە، کازم حەبیبی شارەزاو ئابووریناس کە لێکۆڵینەوەی سیاسیی ئابووری لەسەر دۆخی ئابووری عێراق بەگشتی هەیە، بەو پێیەی هەرێمی کوردستانیش ئەمرۆشی لەگەڵدابێت لە پاشکەوتەیی ئەو ناوەندە دواکەوتووە دەرباز نەبووە، دەبینین لە بواری ئابووریدا دەرهاویشتەو دەرئەنجامی دۆخە سیاسیی و سەربازییەکانە. لەم نەخشەیەدا دەتوانین بەخێرایی ئاماژە بەچەند قۆناغێك بکەین، کە دواتر بۆ باسەکەمان و تێگەیشتن لە واقیعی کۆمپانیاکانی پارێزگای هەولێرو دهۆك پێویستمانەو بۆ تێڕوانین و بۆچوونەکانمان سوودی لێوەر دەگرین:

**قۆناغە مێژووییەکانی**
**تێپەڕبوونی ئابووریی کوردستان**[1]

* قۆناغی دەرەبەگایەتی
* قۆناغی کشتوکاڵی
* قۆناغی داخراو
* قۆناغی دواکەوتوویی
* ((قۆناغی ئابووری جەنگ))

١٩٨١ ⟵ ١٩٩١

* قۆناغی گەمارۆی ئابووری

١٩٩١ ⟵ ١٩٩٦

* ((بڕیاری ٩٨٦ی UN)) نەوت بەرانبەر خۆراك

١٩٩٦= ٢٠٠٣

* **قۆناغی عێراقی نوێ**

**٢٠٠٣**

((رووخانی رژێمی بەعس))

* دەسەڵاتی هاوپەیمان
* لە دوای ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ دەسەڵاتی حکومەتی عێراق

لەسەرجەم ئەم قۆناغ و دۆخانەدا کەرتی تایبەت هەڵگری دواکەوتوویی و عەقڵییەتی داخراوی ئیداری هەمان کەرتە گشتییەکە بووە، بگرە لە زۆر فەترەی زەمەنیدا دەتوانین ئەم کەرتە بەکەرتێکی مافیایی ناوبرێت، چونکە لەسەر بنەمای بەدەستهێنانی قازانجی نامەشروع و نایاسایی خێرا دامەزراوەو هیچ حسابێکی بۆ پاراستن، یاخود رەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی نەکردووە، بە ئاماژە بۆ ئەم قۆناغانە دەمانەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە کۆمپانیاکانمان تا چەند لە گەشەکردنێکی سروشتی دان؟

ئایا کۆمپانیایەك بەو بارودۆخەی سەرمایەدارەکانی پێیدا تێپەڕبوون، دەکرێت بگوترێت لە دۆخێکی سروشتی و ئاسایی دایە؟

بێگومان نەخێر، واقیعی دابەشبوون و پۆلینی کۆمپانیاکان تەنیا ئەو راستییە دەردەخات کە کۆمپانیاکانمان لە بواری پیشەسازی و کشتوکاڵ و بگرە خزمەتگوزاری گەشتیاریشدا کار ناکەن و ئەمجۆرە کۆمپانیانە ژمارەیان زۆر کەمەو، لەگەڵ بوونی هەندێکیشیان لە گۆڕەپانەکەدا لەڕووی بەرهەم و داهاتەوە لاوازن بۆ نموونە ژمارەی کۆمپانیاکانی پارێزگای هەولێر تاکو ١/٦/٢٠٠٣ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

| Company | بیانی | بەڵێندەرایەتی | بازرگانی | پیشەسازی | جۆری تر |
|---|---|---|---|---|---|
| Erbil | ٣٥ | ٣٥٠ | ٥٧ | ٧ | ٦ |

**ژمارەی کۆمپانیاکانی هەولێر تاکو (١/٦/٢٠٠٣)**

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت ٣٥٠ کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی هەیە، ئەمەش گرفتێکی گەورەیە کە کۆمەڵگەی کوردستانی بەرەو کۆمەڵگایەکی بەکارهێنەر بردووە، کارگە پیشەسازییەکان کە لەلایەن کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بەڕێوەدەچن زۆر کەمن، ئەمەش بۆ ئەو بارودخە سیاسی و ئابوورییە دەگەڕێتەوە کە کوردستان و عێراق پێیدا تێپەڕبووە وەك لە کێرڤی خوارەوە بەرچاو دەکەوێت[٣]




هێڵە بەیانییەکەو کێرڤی هەڵکشان و داکشانی ژمارەی کۆمپانیا (کارگە بچووکەکان) تەنیا راستییەك دەردەخات کە چۆن لە ماوەی یەکساڵدا ژمارەی کارگە بچووکەکان لە هەولێر لە ٦٠٠ کارگەی بچووکەوە کە پێش ساڵی ١٩٩٠ لەو پارێزگایە هەبوو بۆ (١٠) کارگە لە ساڵی ١٩٩١ دابەزی، دواتر بەهۆی کەمێك باشبوونی بژێوی ژیان و ئاستی دەرامەت کە لە ئاکامی جێبەجێکردنی بەرنامەی (نەوت بەرانبەر بەخۆراك) کەوتەوە ئەم ژمارەیە بۆ ١٤ دواتر ٢٢ تا لە ٢٠٠٠دا گەیشتە ٥٥ کارگە.

ئابووریناسان و شارەزایانی کەرتە جۆراوجۆرەکانی ئەم بوارە ئەو راستییە دەزانن کە ئابووری بۆتە قوربانی دۆخە ناسەقامگیرە سیاسی و سەربازییەکان و شوێنەواری خراپی لەسەر بەجێهێشتووە، تەنانەت لەشەڕی ناوخۆی کوردستاندا کە لە نێوان هەردوو باڵی سەرەکی دەسەڵات: پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەڵگیرساو ٤ ساڵی خایاندو بۆ ماوەی ١٢ ساڵ بووە هۆی دروستبوونی دوو ئیدارەو پارێزگا و ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی بەسەر دوو حکومەتا دابەشکردو لە یەکتر دابڕان، ئەم بارودۆخەش زیانی گەورەی بەکەرتی بەرهەمهێنان گەیاندو تەنانەت کەرتەکانی عەقارات و بازرگانیش دووچاری شکست و لاوازی بەڕێوەچوونی ئیداری و سروشتی بوو.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ژمارەو جۆری کۆمپانیاکانی کوردستان و بیانی لە هەردوو شاری هەولێرو دهۆك پێویستە ئاگاداری ژمارەو جۆرەکانی بین تا لە روانگەیەوە باسێکی نیمچە زانستی و ئەکادیمیانە بۆ واقیعی جۆرو چەندایەتی کۆمپانیاکان هەبێت.

## پۆلینکردنی کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانییەکانی (هەولێرو دهۆک)

شاری هەولێر ژمارەیەکی بەرچاو لە کۆمپانیا ناوخۆییەکانی تێدایە، کە بەسەر ٩ گروپدا دابەشبوون و کاری جۆراوجۆرو چالاکی جیاواز ئەنجام دەدەن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

ژمارەو پۆلێنی کۆمپانیاکانی کوردستان و بیانی لە هەرێمدا ((جگە لە پارێزگای سلێمانی و کەرکوك)).

١- بەڵێندەرایەتی بیناسازی و گواستنەوە ٣٧٨ کۆمپانیا.
٢- بەڵێندەرایەتی گشتی ٣٣٠ کۆمپانیا.
٣- بازرگانی گشتی ٢٣٥ کۆمپانیا.
٤- سەرمایەگوزاری ئەندازیاری و بازرگانی ٦٦ کۆمپانیا.
٥- گەشتوگوزار ١٤ کۆمپانیا
٦- گواستنەوەی ئاسمانی ١٣ کۆمپانیا.
٧- گواستنەوە ١٨ کۆمپانیا.
٨- گەیاندن ٤ کۆمپانیا.
٩- خزمەتگوزاری تەندروستی ٢ کۆمپانیا.

کۆی گشتی کۆمپانیا ناوخۆییەکان ١٠٦٠ کۆمپانیا

ژمارەی کۆمپانیاکانی بیانیش پتر لە ٢٣٢ کۆمپانیا دەبێت کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشبوون:

١- بەڵێندەرایەتی بیناسازی و گواستنەوە (١٠١) کۆمپانیا.
٢- بەڵێندەرایەتی گشتی ٦١ کۆمپانیا.
٣- بازرگانی گشتی ٤٠ کۆمپانیا.
4- سەرمایەگوزاری ئەندازیاری و بازرگانی ١٩ کۆمپانیا.
٥- گواستنەوە ١٠ کۆمپانیا
٦- خزمەتگوزاری تەندروستی ١ کۆمپانیا.

ژمارەی سەرجەم کۆمپانیاکانی دهۆك و هەولێرو بیانی کە تاکو ٢٤/٨/٢٠٠٥ لە ژمارە ١ تا ١٨٧٢ بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشبوونەتە سەر ١٨٧٢ کۆمپانیا.

- بەڵێندەرایەتی بیناسازی و گواستنەوە ٦٩٣ کۆمپانیا.
- بەڵێندەرایەتی گشتی ٥٣٣ کۆمپانیا.
- بازرگانی گشتی ٤٦٦ کۆمپانیا.
- سەرمایەگوزاری ئەندازیاری و بازرگانی ١٠٠ کۆمپانیا.
- گەشتوگوزار ١٧ کۆمپانیا.
- گواستنەوەی ئاسمانی ١٤ کۆمپانیا.
- گواستنەوە ٣٨ کۆمپانیا.
- گەیاندن ٧ کۆمپانیا.
- خزمەتگوزاری تەندروستی.

ئەم ئامارو ژمارانە ئەو حەقیقەتە دەردەخات، کە بە مەبەستی بەدەستهێنانی گرێبەست و بۆندی بەڵێندەرایەتی ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە کاری بەڵێندەرایەتی دەکەن روویان لە دامەزراندنی کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی کردووەو ژمارەی ئەمجۆرە کۆمپانیانە لە هەردوو شاری هەولێرو دهۆك نزیکەی نیوەی ژمارەی کۆمپانیاکان بۆتەوە، ئەم ژمارەیەش

زۆربەیان خاوەنی توانای ماددی و مەعریفی و بگرە خاوەنی ئامێرو ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرو شوفەڵ و مەکائین نین، یاخود لە ئاستی پێویستدا نین، زۆر لە کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی بۆ بەرێکخستنی کارەکان پشت بەهێنانی ئامێرو مەکائین بەکرێ دەبەستن، دواکەوتن و ئەنجام نەدانی کارەکان لەکاتی خۆیدا بۆ ئەم هۆکارە دەگەڕێتەوە.. لەلایەکی تر لە پێناو بەدەستهێنانی گرێبەستەکان زۆر لە کۆمپانیاکان پشتیان بەپەیوەندی نایاسایی بەستووەو کە زۆرجار دەچێتە قاڵبی ((تاوانی سپیکردنەوەی پارە))..

کۆمپانیاکانی بازرگانی حاڵیان لە کۆمپانیاکانی بەڵێندەرایەتی ، گەر خراپتر نەبێت باشتر نییە..

ئەوان خاوەنی مێژوویەکی دوورودرێژن، لە زەمەنی گەمارۆوە تاکو ئێستا سوودیان وەرگرتووە لە لاوازی سیستەمی چاودێری و بەدواداچوون و نەبوونی پێوەری کۆنترۆڵی جۆری و رێك نەخستنی هێنراو هاوردە. بۆیە بەبەردەوام رێژەی قازانج لە بازرگانی دەرەکی لە ١٠٠٪ تێپەڕبووە، ئەمەش قازانجێکی نامەشروعەو لەگەڵ یاساو رێنماییەکانی بازرگانیدا ناگونجێت، ژمارەی کۆمپانیا بازرگانییەکان ٤٦٦ کۆمپانیا دەبێت، ئەم ژمارەیە ئەو کۆمپانیانە دەگرێتەوە کە تەنیا کاری بازرگانی دەکەن، چونکە زۆر لە کۆمپانیاکانی تر کاری بەڵێندەرایەتی و بازرگانی یاخود سەرمایەگوزاری ئەندازیاری و بازرگانی... ئەنجام دەدەن، بەو واتایەی ژمارەی کۆمپانیا بازرگانییەکان زۆر لەمە زیاترەو بازاڕەکانیان نوقمی کەلوپەل و کاڵای خراپ کردووە، بگرە زۆر لەو کەلوپەل و ئامێرو ئۆتۆمبێلانەی دەیهێننە کوردستان رەچاوی ئەوە ناکەن یەدەگیان بۆ بهێنن..

نەبوونی یاساکانی تایبەت بەسەرمایەگوزاری و بازرگانی و پاراستنی موڵکییەت و پاراستنی بەکارهێنەرو بەکاربەر، زیانێکی گەورەی بە بەرێوەچوونی سروشتی کۆمپانیاکان گەیاندووەو وایکردووە بەپێی قۆناغی سروشتی و ئاسایی گەورە نەبن و بۆ پێشەوە نەچن. هەوڵی لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەت لە بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان لە بواری مۆڵەتدان و پشتگیری و ئاسانکاری رسومات و لێخۆشبوون لە باجەکان تێنەپەڕیوە، لەم دواییەشدا ئەدرێس و پۆلێنی کۆمپانیاکان لەناو یەك سیستەمی ئەلەکترۆنی ئەنتەرنێت بەجیهانەوە بەسترایەوە.

ژمارەی ئەو بازرگانانەی لە هەولێر خەریکی کاری بازرگانین، جوانترین نموونەیە بۆ فراوانبوونی کاری بازرگانی، بەڵام فراوانبوونێکی بێ بەرنامە. بۆ نموونە ژمارەی ئەو کەسانەی ناسنامەی ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێریان هەیە لە بواری کەرەستەی خۆراك ٢٧١٦ بازرگانەو کەرەستەی بیناسازی ٢٤٨ و کارەبایی ١٩٢. ئەمە ئەو راستییە دەردەخات کە ناهەماهەنگی گەورە لە بواری بازرگانیدا هەیە، بازرگانی پەلەوەر ٦و شیرەمەنی ٢و کەرەستەی کۆگایی ١١ و بەو شێوەیە[٤]..

ئەم ژمارانەی خوارەوە کاری بازرگانی گشتی دەردەخات بەپێی ئەندامانی ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر:

| | |
|---|---|
| ناردن و هێنراو | ٤ |
| کەرەستەی خۆراك | ٢٧١٦ |
| بەروبوومی ئاژەڵی | ١٧ |
| پەلەوەر | ٦ |
| خواردنگە | ١ |
| شیرەمەنی | ٢ |
| ساردەمەنی | ٣ |
| خواردنەوە گازییەکان | ٩ |
| خواردنەوە گیاییەکان | ١١ |
| کوتاڵ | ٥٨٩ |
| جوانکاری جلوبەرگ | ٢٧٧ |
| کەرەستەی کۆگایی | ١١ |
| دابینکردنی وەرزشی | ٧ |
| پێداویستی دوورین | ٩ |
| پێڵاو | ٢٧ |
| پێستە | ٣ |
| مافوورو رایەخ | ٢٧ |
| ئیسفنج | ٧ |
| کەرەستەی بیناسازی | ٢٤٨ |
| بەڵێندەرایەتی | ٢٨٩ |
| کەرەستەی کارەبایی | ١٩٢ |
| کەرەستەی ئەلەکترۆنی | ١٨ |
| دەزگای دەنگی و ناوماڵ | ١٨ |
| زێڕینگەر | ٢٠٤ |

| | |
|---|---|
| کەرستەی مال | ٥٤ |
| دادەکان | ٢١ |
| کەلوپەلی | ٧ |
| دارتاشی | ١٠ |
| ئامرازی یەدەگی ئۆتۆمبێل | ٢٢٠ |
| تایەو پاتری | ١٨ |
| کەلوپەلی دەستی | ١٥ |
| ئامێرو کەلوپەل | ٢٢ |
| بۆیە | ٧ |
| دابینکردنی کشتوکاڵ | ٤٧ |
| پایسکیل | ١ |
| دیکۆر | ١ |
| ئاسنگەر | ٥ |
| پەڕاوگە | ٣٠ |
| پوولی دارایی | ٢ |
| ئامرازی وێنەگرتن | ٨ |
| کەرەستەی پزیشکی | ١٣ |
| بەرووبوومە نەوتییەکان | ٢ |
| بریکاری فرۆشتنی گازی شل | ٧ |
| مەڕوومالآت | ٥ |
| گەشتوگوزار | ١ |
| کەرەستەی پلاستیك | ١٤ |
| دەلالی خانووبەرە | ١٠٦ |
| پێشانگا | ١٢ |
| دەلآلی ئاژەڵ | ٩ |
| بریکاری دراو | ٥١ |

## گرفتە گرینگەکانی
## بەردەم پێشکەوتنی کۆمپانیاکان

پێشخستن و پێشکەوتنی کۆمپانیاکان چ لەڕووی جۆرو چ لەڕووی چەندایەتییەوە پەیوەندی بەچەندین بوارو لایەنەوە هەیە، فراوانبوونی کارو چالاکی کۆمپانیاکان بەتایبەت لە هەر سێ بواری بازرگانی و بەڵێندەرایەتی و پیشەسازی پێویستی بەوە هەیە لەڕووی فراوانبوونی ستوونییەوە هەوڵی بۆ بدرێت، نەك لەڕووی فراوانبوونی ئاسۆیی و زیادکردنی کۆمپانیاکان، لێرەدا چەند ئاستەنگ و گرفتێك دێتە بەردەم کۆمپانیاکان بەگشتی، هەڵبەتە ئاستەنگ و گرفتی لاوەکی یان تایبەت بەجۆرێك لە کۆمپانیاکان هەیە، بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدەین بەگشتی ئاماژە بەو ئاستەنگانە بکەین کە لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورتیان دەکەینەوە:

١- نەبوونی یاسایەکی تایبەت بەسەرمایەگوزاری لە هەرێمی کوردستان.
٢- لاوازی و کۆنی زۆر لە ڕێنمایی و راسپاردەکانی تایبەت بەکاری کۆمپانیایی.
٣- دابڕانی نێوان لایەنە پەیوەندارەکانی دارایی و بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی.
٤- کەمی سەرمایەو لاوازی سەرمایەی مەعریفی لەلای ئەو کەسانەی کاری کۆمپانیایی دەکەن، واتە لەڕووی توانای دارایی و مەعریفییەوە کۆمپانیاکانمان لاوازن.
٥- سستی بەرنامەو سیستەمەکانی چاودێری و بەدواداچوونی کاری کۆمپانیایی.
٦- نەبوونی پلان و بەرنامەی زانستی بۆ ئاراستەکردن و پێشخستنی کۆمپانیاکان.
٧- تەشەنەکردنی دیاردە ناشەرعی نایاساییەکانی گەندەڵی و بەرتیل و تاوانی سپیکردنەوەی پارە.
٨- نەبوونی سیستەمی پێشکەوتوویی بانکی کە بەشێوازێکی خێراو مۆدێرن ئەرکی قەرزدان و کۆمەکی دارایی و بەشداریکردن لە پرۆژەو کارو چالاکی بازرگانی و پیشەسازی و بەڵێندەرایەتی بگرێتە ئەستۆ ((گەر تاڕادەیەکیش بانك هەبێت ئەوا نەیتوانیوە متمانەی زۆرینەی توێژی سەرمایەدار بەدەست بهێنێت)).
٩- دیاردەی تەشەنەکردنی قۆرخکاری.
١٠- ناسەقامگیری بارودۆخە سیاسییەکەی بەغداو شوێنەوارە سلبییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان.
١١- خراپ پۆلێنکردنی کۆمپانیاکان.

جگە لەم ئاستەنگ و گرفتانە دەکرێت ئاماژە بەهەندێك گرفت و کێشەی دیکە بکەین کە ناوبەناو دەکەوێتەوە وەکو پچڕانی وزەی کارەباو گرانی سووتەمەنی کە بۆ کۆمپانیاکانی پیشەسازی زیانێکی گەورەیە، تەنانەت بۆ کۆمپانیای بازرگانیش شوێنەواری خراپی لەسەرمان دەبێت، چونکە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تێچوونی گواستنەوە، هاوکات نەبوونی کادیری پسپۆڕو هێزی کار چونکە بەنەخشەیەکی نازانستی زۆربەی کارمەندو دەستی کار لەکەرتی گشتی دامەزران و کەرتی پۆلیس و ناوخۆ زۆرترین پشکیان بەرکەوت، ئەم گرفتەش لەلای کۆمپانیاکانی دابینکردنی (تأمین) یاخود پیشەسازیکارەکان زۆر کاریگەرو روونە.

**چارەسەرو دەرئەنجام**

لە تەوەرەکانی تردا واقیع و پۆلێنی کۆمپانیاکان و جۆرو چەندایەتیمان باسکرد و جەختمان لەسەر ئەو ئاستەنگەو گرفتانەش کرد، کە ئەمڕۆ کۆمپانیاکانی ناوخۆو بیانی دووچاری بوون. ئەمەش هەمووی لەو پێناوو مەبەستەدا بوو کە بنەمایەکی زانستی و ئەکادیمیمان لەبەردەستدا بێت بۆ پێشکەشکردنی ئەو خاڵ و بڕگانەی هەڵگری ئەو ئاستەنگ و گرفتانە بێت و، سەرەتایەکیش دابڕێژین بۆ چارەسەرکردن و ئاراستەکردنی راست و دروستی کۆمپانیاکان، کە لە جیهانی سەردەمدا مومکین نییە دەسەلات لە رێگای دامودەزگا پەیوەندارەکانییەوە کاری دەستێوەردان و ئاراستەکردنی بۆ کاری ئیکۆو بیزنس ئەنجام نەدات.

پەیڕەوکردنی بازاڕی ئازادو سەربەستی بازرگانی بەو واتاو مانایە نایەت کە ئازادییەکی رەهاو بێ چاودێری و ئاراستەکردن پەیڕەو بکەین و هەر کەس بەئارەزووی خۆی و بێ گوێدانە بەرنامەی حکومەت و بەرژەوەندی گشتی کارو چالاکی بازاڕو سەرمایداری ئەنجام بدات، ئەم حالەت و واقیعە تەنانەت ئابووریناسە کلاسیك و کۆنەکانی رژێمی سەرمایەداریش بانگەشەیان بۆ نەکردووە، بەڵکو لەکاتی دامەزرانی سیستەمی سەرمایەداری و بڵاوکردنەوەی رێنمایی و راسپاردەکانی خودی سیستەمەکە کۆمەڵێك خاڵبەندی و مەرج و رێنمایی بۆ دانرا، لەم سەردەمەشدا بەو پێیەی (سەرمایەداری خۆی نوێ دەکاتەوە) بۆیە پەیڕەوکردنی قوتابخانە مۆدێرن و رێگاکانی وەکو رێگای سێیەم و ئابووری کۆمەڵایەتی و سۆشیال دیموکرات پەیڕەو دەکرێت.

هەرێمی کوردستان کە پاشکەوتەی وڵاتێکی بەرهەمهێنەری نەوتەو رۆژانە پتر لە ٢ ملیۆن بەرمیل نەوت دەنێرێتە دەرەوە بەنرخێکی تێکڕایی ٦٠ دۆلار، ئەم وڵاتە خاوەن داهاتێکی گەورەیەو دەکرێ ئەو داهاتە بەڵێشاوی کاڵاو کەلوپەلی بەکارهێنەرو بەکاربەر نەدرێت و زیاتر بۆ دەوڵەمەندکردنی یەدەگی دراوی گرانبەهای قورس بەکاربهێنرێت و بەهای دیناری عێراقی بەهێز بکرێتەوە، یاخود پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی عێراق و چاککردنی ژێرخانی کوردستان و بەشەکانی تری عێراق بەبەرنامەیەکی لەسەر خۆ جێبەجێ بکرێت و، لەمەودا لە پلان و بەرنامەی ساڵانەدا جێگایەك بۆ پرۆژە بەرهەمهێن و ستراتیژییەکان تەرخان بکرێت.

بوونی دامودەزگای بەرهەمهێن سەرەتا پێویستی بەپاڵپشتی دارایی و پشتگیری ئابووری هەیە، چونکە پیشەسازی خۆماڵی یاخود نیشتمانی لە وڵات و هەرێمێکی بێ بەرنامەی و بێ سەروبەری ئابووری گەشە ناکات و ناچێتە دۆخێکی وا پێشکەوتوو کە توانای کێبڕکێی بەرهەمی بیانی بکات، لە وڵاتانی پێشکەوتوویی وەکو ئەمەریکاو ئەوروپادا کە خاوەنی پیشەسازی و بەرهەمی بەهێزن کەچی نزامێکی وا پەیڕەو دەکەن کە پاڵپشتی بەرهەمی خۆماڵی کۆمپانیا گەورەکانیان بێت...

دامەزرانی ئەنجومەنی پەرەپێدان و وەزارەتە پەیوەندارەکانی ئابووری و بازرگانی بێ دیراسەکردنی داڕشتنەوەی ئەو بەرنامەو پرۆگرامانە کە زانستییانە ئابووری و بازرگانی بەرەو پێش دەبەن و، بەراستی دەبنە هۆی راکێشانی سەرمایەگوزاری بیانی هیچ مانایەك نابەخشێ و ئەوانیش وەکو زۆر لە دامودەزگا گشتییەکان تری کەرتی حکومی گەورەبوونێکی ئاسۆیی خەرجی و بودجەیەکی تری دەوڵەت بەفیڕۆ دەبات.

حوکمڕانی لەم هەرێمەدا لە بواری ئابووری کەوتۆتە هەڵەیەکی گەورەوە، لەلایەك ئیدعای

کــــەرتی تایبــــەت و بــــازاڕی ئــــازاد دەکــــات و بەحەقیقــەتیش ئــەم کەرتــە جموجــۆڵێکی بــەخۆوە بینیــوە، لەلایــەکی تــر تــا دێــت ئــەو بەرنامــەو پرۆگرامانــە جێبــەجێ دەکــات، کــە دەبێتــە هــۆی فراوانبوونی کەرتی حکومی و گشتی. گــەورەبوون و زیـــــادبوونی وەزارەت و دامودەزگـــــا حکــــومی و میلاکاتی دەوڵەت جوانترین نموونەیە.. کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت ئەوەنـدەی پێویـستییان بـەڕێنمایی و راوێژکاری و ئاراستەکردن و چاودێری هەیە، ئەوەنـدە پێوســتییان بــەزیادکردنی وەزارەت و ئەنجومــــەن و دامودەزگای بازرگانی و ئـابووری نییـە، حکومـەت هـــەر ئەوەنــــدە کارەکــــانی بریتیــــی نییــــە لــــە پێشکەشکردنی ئاسانکاری و دۆزینەوەی گرێبەست و لێخۆشــبوون لــە بــاج، بــەڵکو وەرگــرتنی بــاج و رسوماتیشە تا لە رێگای ئەو باجانەوە پێداویـستییە ســەرەکییەکانی وەکــو وزەی کارەبــاو ســوتەمەنی و گواســـتنەوەو پەرەپێـــدانی کـــەرتی گواســـتنەوەو گەیاندن... دابـین بکـات و ئـارامی و سـەقامگیری هەرێمەکــەش بپارێزێــت. لــە ناوچــەیەکی نائــارام و ناسەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هاوکات بیمـەی کۆمەڵایـــــەتی و خزمـــــەتگوزاری تەندروســـــتی، بــەدیهێنانی لانــی کــەمی دادوەری و بەرزکردنــەوەی داهاتی تاکەکەسی لە ئەستۆدا دەبێت.

لێخۆشبوون لــە بــاجی گــەورەی کۆمپانیاکــان و بەخشینی زەوی و چاوپۆشین لـە کەموکورتییـەکانیان زیــانێکی گــەورە بــەرەوتی سروشــتی گــەورەبوون و دامــەزرانی ســەرمایەداری نیــشتمانی دەگەیــەنێت. کاتێك باس لە سەرمایەداری نیشتمان دەکـەین بـەو مانایە نایەت کە ئەوان بـەواتا تەقلیدییەکـەی کـارو چالاکی ئیکۆ بکەن، بەڵکو بەو واتایە دێت کە ئەوان ببنە خاوەن پـرۆژەی بەرهـەمهێن، بەرنامـەو کـاری ستراتیژی دوور مەودایان لە هەگبەدا بێت و لـەوەش تێپـەڕ بکـات لـە پـرۆژە خێرخـوازی و مرۆییـەکان بەشدار بـێ، ئـەمڕۆ زۆر لەگرفتـەکانی هەڵاوسـان و گەنـدەڵی و بـێ سـەروبەری و کەموکورتییـەکان، کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانییـەکانیش، هۆکـارێکن بـۆ گەورەبوونی گرفتەکان و گەیاندنی بەئاستی قەیرانی.

ئـــەرکی چـــاودێری و رێکخـــستن و بگـــرە ئاراســـتەکردنی کۆمپانیاکـــان لـــە چوارچـــێوەی وەزارەتێکدا کۆدەکرێنەوە، کـە بەشـی کۆمپانیاکـان لــەخۆ دەگرێــت، راســتە کۆمپانیــا کــشتوکاڵی و پیـشەسازییەکان پابەنـدن بـەوەزارەتی کـشتوکاڵ و پیشەسازی هەروەك کۆمپانیای گەیاندن و گواستنەوە بەوەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، بەو شێوەیە. بـەڵام چاودێری و رێکخستن و ئاراستەکردنیان دەبێـت لـە رێگای یەك سەرچاوەوە بێـت و بەرپرسـیارێتیش لـە ئەستۆ بگرن.

## سەرچاوەو پەراوێز

١- سوود لە بابەتێکی کازم حەبیب وەرگیراوە کە لە ژمارە (١)ی گۆڤاری ئابووری سیاسی بڵاوکراوەتەوەل٣٧ .

٢- ژمارەی کۆمپانیاکانی هەولێر ٩٨٦ SCR بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی.

٣- ژمارەی کارگە بچوکەکان لـە سـاڵی ١٩٩٠-٢٠٠٠ بـەپێی قـــسەکانی ئــازاد یـــەحیا ســـەرۆکی ژووری بازرگـــانی و پیشەسازی هەولێر ئاماژەی پێکراوە.

٤- لــە پـــەرتووکی رێبـــەری بازرگـــانی (ژووری بازرگـــانی و پیشەسازی) هەولێر لە ساڵی ٢٠٠٤ وەرگیراوە.